# ئەم عێراقە یان دەبێت ئەوە بێت کە هەبووە یان نابێت هەبێت

**ئازا حەسیب قەرەداخی**

ئەو کۆنگرەیەی بۆ ئاشتبوونەوە لە عێراقدا گیرا بوو, پێناچێ ئاشتبوونەوەی لێ بەرهەمهاتبێ, بەڵکو بە پێچەوانەوەی بارودۆخەکەی گرژتر کرد.
سەرەڕای ئەوەش یەك سوودی هەبوو, لەوێ هەندێ لایەنی سیاسی و عەشایەر و رێکخراو, لە پێشەوەیان هەیئەی عولەمای موسلمینی سوننە مەزهەب کە لە بێ ئەزموونی خۆیان و نەشارەزایی لە گەمەی سیاسی, هەموو کارتەکانی خۆیان کەشف کرد و ئەو سەرپۆشەی دابوویان بەسەر گروپە چەکدارە یاخیبوو و تیرۆریستەکاندا بە دەستی خۆیان دڕاندیان و ئەوەی لەژێر خێوەتەکەیاندا سێ ساڵە شاردوویانەتەوە کەوتە بەر چاوی دنیا.

خۆیان بە قسە و لێدوانیان, بە مەرج و شەرت دانانیان, بە راگەیاندن و رەفتاریان دەریانخست سێ ساڵە سەرپۆشی سیاسی کردارە چەکدارییەکانن, بزوێنەری فیکری تەکفیری ئایینی و شۆفێنییەتی عوروبەوین.
ئەو کۆنگرەیەی بۆ ئاشتەوایی لە عێراقدا بەسترا ئاشتی و ئاشتبوونەوەی لێبەرهەم نەهات چونکە کۆنگرەیەك نەبوو بۆ ئەوانەی دەیانەوێ ئاشتی بەرقەرار بێت. بەڵکو کۆنگرەیەك بوو بۆ ئەو لایەن و گروپ و رێکخراو و کەسایەتی و عەشایەرانەی خێوەتی میلیشیا چەکدارە یاخی و تیرۆریستەکانن و نوێنەرایەتی دوو تەوژم دەکەن کە پێشڕەوایەتی (شەڕی ناوخۆیی رانەگەیەنراو)ی ناو عێراق دەکەن و هەر لە بناغەوە ئامادەنەبوون بۆ ئاشتبوونەوە و, بە رادەیەکیش لێکترازاون کە لەم قۆناغەدا بەیەکترگەیشتنەوەیان زۆر ئەستەمە. یان راستر بڵێین ئەو نوێنەرە سیاسییانەی سوننە مەزهەب و شیعە مەزهەب بەئەنقەست ویستیان وای نیشان بدەن کە هەموو پردەکانی نێوانیان پساوە تاکو مەرجەکانی خۆیان لە دروستکردنەوەی دەوڵەتی عێراقدا بسەپێنن.

**پرسیارەکە ئەمەیە لە دەرەوەی ئەو کۆنگرەیە, ئەوان نەخشەی سیاسی عێراقیان چۆن دەوێت؟**
نوێنەرە سیاسییەکانی شیعە کە ئەوەندە جەخت لەسەر فیدرالیەتی باشووری عێراق دەکەنەوە, دەیانەوێت بیسەلمێنن ئەوان نایانەوێت حوکمی هەموو عێراق بکەن. هاوکات نایانەوێ بگەڕێنەوە بۆ بەر لە رووخانی بتەکانی صدام کە بۆ ئەوان مێژووی جیاکاری, چەوسانەوە, لاتەریککردن, راگواستن, تەبەعییەت و مێژووی تەکفیرکردنیانە لەلایەن سوننەکانەوە.
کوردستانیان کە بەشێك نین لە شەڕی مەزهەبی و خاوەنی مەسەلەیەکی نەتەوەیی– نیشتمانین, نایانەوێت حوکمڕانی هەموو عێراق بن. بۆیە جەخت لەسەر فیدرالییەت, یان فیدرالییەتی نائاسایی, یان کۆنفیدرالی هەرێمی کوردستان دەکەن. کە سەرۆك بارزانیش رایدەگەیەنێ هەر کاتێك پەرلەمانی کوردستان بە باشی بزانێ, سەربەخۆیی کوردستان رادەگەیەنن. کەواتە کوردستانیان نەك هەر نایانەوێ حوکمڕانی عێراق بن بەڵکو مانەوەی دەوڵەتی عێراق بەم پێکهاتەیەی ئێستای لە ستراتیجیاندا نییە و, لە حاڵەتی رازینەبوونی لایەنەکانی دیکە بە فیدرالییەت یان کۆنفیدرالی ئەوا کوردستانیان روو لە جیابوونەوە و سەربەخۆیی دەکەن, نەك بگەڕێنەوە بۆ دواوە کە بۆ ئەمان گەڕانەوە بۆ رابردوو نەك هەر گەڕانەوەیە بۆ واقیعی نەویستراوی لکاندنی پارچەیەکی نیشتمانە لەتلەتکراوەکەیان بە (دەوڵەتی عێراقی بەزۆر دروستکراو)ەوە, بەڵکو گەڕانەوەیە بۆ مێژووی پڕ لە راگواستن, ئەنفال, کیمیابارانکردن و کاولکاری.

سوننە مەزهەبەکان کە هەم خۆیان بە نوێنەری راستەقینە و تاکوتەنیای ئایینی ئیسلام و عروبە دەزانن, هەم خۆیان بە میراتگری زیاتر لە هەشتا ساڵ حوکمڕانێتی دەوڵەتی عێراق دەزانن, دەیانەوێت ئێستاش هەر حوکمڕانی (دەوڵەتی یەکگرتووی عێراق) بن لە زاخۆوە تا فاو. بۆیە مەرجەکانیان بریتییە لە: یەکێتی خاکی عێراق, مانەوەی ئاڵای عروبە و ئیسلام, ئیش نەکردن بە دەستووری بڕیارلەسەردراو, هەڵوەشانەوەی قەوارە فیدرالییەکان و باس نەکردنی فیدرالییەت, هەڵوەشانەوەی یاسای بنەبڕکردنی بەعس و مافدانەوە بە حزبی بەعس کە کاری سیاسی بکات و سەدام و تاقمەکەی ئازاد بکرێن, دان بنرێ بە گروپە چەکدارە یاخیبووەکان وەك لایەنی نیشتمانی, دان بنرێ بەوەدا کە عێراق بەشێکی نەپچڕاوە لە ئومەی عەرەبی و وەتەنی عەرەب.

بە واتایەکی دیکە مەرجیان ئەوەیە عێراق هەر ئەو عێراقە بێت کە لە بەرەبەیانی 8ی شوباتی 1963دا بەعسییەکان یەکەمین بەیاننامەی کودەتا خوێناوییەکەی خۆیان تێدا راگەیاند و, لە 17ی تەممووزی 1968یشدا دووەم بەیاننامە و لە 31ی تەممووزیشدا سێیەم بەیاننامە و ئیتر لەو رۆژە بەدواوە بەیاننامەکان لە ئەژمار نایەن. بەڵام هەر هەموو ئەو بەیاننامانە ئەوەیان دووپاتکردۆتەوە کە ئەم عێراقە موڵکی عەرەبی سوننە مەزهەبی عوروبەوییە.. ئەم عێراقە یان دەبێت عەرەبی سوننە مەزهەبی فیکر عوروبەوی حوکمڕانی بێت, یان دەبێت وێرانەی خەرابات بێت.. ئەم عێراقە یان دەبێت ئاڵای بەعسیانی سێ ئەستێرەی وەحدە و حوڕییە و ئیشتراکییەی بەسەرەوە بشەکێتەوە یان دەبێت لەژێر لێزمەی رۆکێت و بەسەر بۆمبی چێنراو و بە تەنیشت ئوتومبێلی خۆکوژاندا هەنگاو بنێت.. ئەم عێراقە یان دەبێت ئەوە بێت کە هەبووە یان نابێت هەبێت!!

لەم هەلومەرجەدا کە دەستکردی ئەوانە, لە دەرەوەی دەستووری بڕیاردراوی عێراق و لەسەر ئەرزی واقیع کە پێکهاتە سیاسییەکان تەفاعول دەکەن دەرفەتەکانی هەڵبژاردنی چارەنووس بۆ جۆری دەوڵەتی عێراق و جۆری پەیوەندی و مانەوەی کوردستانیان لەم عێراقەدا زۆر کەمکراونەتەوە, تا ئەو رادەیەی ئەو ئاڵایەی سیانزە ساڵە لە کوردستاندا هەڵنادرێ, سیانزە ساڵە بە بیری سەدامیشدا نەهاتووە هەرای لەسەر بەرپا بکات, تەنانەت کە سەرۆك بارزانی لە مەراسیمی

سوێندخواردنی یاسایی خۆیدا بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێم ئەو ئاڵایەی لە پشتەوە نەبوو بەڵکو ئاڵای کوردستان و ئەوەی 14ی تەمموزی 1958ی عێراقی لە پشتەوە بوو, کەس ئەو مەسەلەیەی بە بیردا نەهات کە هەرای لەسەر بنێتەوە. ئێستا کە دەنگیان لێ بەرز بۆتەوە لەوەوەیە کە دواین شەڕی خۆیان دەکەن, دواین شمشێریان رادەوەشێنن چونکە دڵنیا بوون ئیتر عێراق نابێتەوە بەو عێراقەی کە هەبوو.